# حەمەنامە 19

سلێمان عەبدوڵلا یونس . بەریتانیا

لە نێوەندی ئەدەبی و ڕووناکبیری ئێمەدا بەگشتی و ، لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەتایبەتی ، کەس بەقەد کاک حەمە سەعید حەسەن ئارەزووی خۆدەرخستن و ستایش کردنی خۆی نییە ، هیچ ڕووناکبیر و شاعیر و نوسەرێکمان نەلە مێژووی کۆن و نەلە مێژووی تازەمان دا بەقەد ئەو بەڕێزە نازناوی سەیر و سەمەرەی بۆخۆی دانەتاشیوە ، کەس نەبووە بەقەد ئەو بۆ شکاندنی قەڵەم و ، ڕێڕەوی بیرکردنەوەی جیای ڕکابەرەکانی ناو و ناتۆرەی بۆ بەرامبەرەکانی خۆی هەڵبەستبێ ، نوێترینیان و ڕەنگە بتوانین بڵێین سەمەرەترینیشیان خۆکردن بەشالوور و ئەوی دیکە کردنە بە تووتی .

لەنیو ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە ئەو بەکوردی شانازی کردنە ، نەک بەخۆ نازینەی حەزرەتی [ نالی ] م لەبەر چاوە ، کە بەدەنگی بەرز بانگی شیعری کوردی داو ، بەزمانی شیرینی کوردی فەرمووی [ کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردیە خۆکردیە ، هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵبی مەعنا دەکا ]، حەزرەتی پیرۆزی نالی ئەگەرچی خاوەنی ناوبانگ و سەرووەریەکی ئەوەندە مەزن و ، سەرمایەیەکی ئەوەندە پیرۆزە ، کەڕەوا بوو ، هەم خاوەنی بەخۆنازین و هەم جێگەی پێزانینی هەموو کورد بێت ، کەچی ئەو زاتە نەهات بەرگری لە خۆی بکات و نازناوی زل و قەبە بەدوا خۆی بخات و سوکایەتیش بە بەرامبەرەکانی ئەو زاتە تەنها فەرمووی [ کوردی و عەرەبی و فارسی ، هەرسێم بەدەفتەر گرتووە ، نالی حاکمی سێ موڵکە ، دیوانی هەیە ] ، نالی کە تائێستاش ئیمپڕاتۆری شیعری کوردیە ، سەرەڕای ئەو هەموو ناهەقی و دژایەتی کردنە نارەوایەی لە سەردەمەکەی خۆیدا لە لایەن کۆلکە شاعیر و خوێندەوارەکانی وابەستە بەزمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی دەرهەرقی کرا ،کەچی نەیەک ناتۆرەی بۆ ئەوان هەڵبەست و نەیەکجاریش ستایشی خودی خۆی کرد ، کەچی کاک حەمە سەعید حەسەن وەک پەرێزی دیارە ، نەلە شیعردا دەشێت بەفەقێی زاتێکی وەکوو نالی دابنرێت و ، نە لەبوارەکانی ڕۆشنبیری و ڕەخنەو لێکۆڵنەوەش دا ، توانیویەتی بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتیانەی دوور لە ئامانج و دەسکەوت و بەرژەوەندی تاکەکەسیانەی خودی خۆی ، ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش بێت ، بێتە مەیدانی نوسین و ڕووناکبیریەوە ، کەچی لە سێ دێڕدا دوو دێڕی ستایشە بۆ خودی خۆی و دێڕەکەی تریش بۆ شکاندن و بەدواخستنی ناتۆرە ، بۆ ئەوانی دیکە ،

**سەرەڕای هەموو ئەوانەش بالۆرەی شالوور بوونیشمان بەسەردا لێدەدا .**

**پێناسە کردنی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان بە هەلومەرجێکی ناسک ، خویندنەوە و تیگەیشتنێکی واقعیانەیە بۆ خودی ئەو بار و دۆخە بەفیعلی ناسکەی کوردستان ، نەک پاساو ، یان هەوڵێک بۆ شاردنەوەی گەندەڵی و دزینی پارووی قوڕگ و پارەی گیرفانی خەڵک ، ئەوە هەرگیز من نابم پارەی کاش و خەڵاتی چەور بمکات بەئەندامی گوێلەمستی حیزب ، ئەگەر چی شانازی دەکەم بەوەی ئەوەندەی لە دەستم هاتبێ ڕۆژێک دریغیم نەکردووە لەو ئەرکانەی کەوەکوو ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی بەئەرکی خۆمم زانیووە ، جا ئەو ئەرکانە چ لە ناو شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەماندا بووبێ یان لە ڕێگەی هەوڵە ڕۆشنبیریەکانی خودی خۆمەوە بووبێت ، ئایا بانگەشە بۆ قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پتەو کردنی پردی متمانەی نێوان پارتی و یەکێتیی ، نێوان بەڕیزان تاڵەبانی و بارزانی ، بۆکورد گرنترە یان نەک کای کۆنیش بەڵکوو کای ڕزیو بەبا کردن ، ئەگەر ڕەچاو کردنی ئەم ئەرکە ئەخلاقی و نیشتیمانیانە پێناسە بکرێت بە ئەندامی گۆێلەمستی حیزبی و ، کای ڕزیو بەباکردن و دەهۆل کوتانیش بۆ شەڕی ناوخۆ بەکاری نوسەرانی ئازاد ،دەبا من هەر ئەندامی گوێلەمستی حیزب و ڤیروسیا کاکە حەمەش شالوور و نوسەری ئازاد .**

**کە تاڵەبانی ئەوەندەی مرونەت کێشا لە پێناوی کوردایەتی ، ئیدی نەک فاوڵێکی نەدا بەدەست ناحەزانی کورد و کاکە حەمەشەوە ، بەڵکوو بەهاوکاری سەرۆکی هەرێمەکەی خۆشمان چەند گۆڵیکی زیڕینیان بۆکورد تۆمار کرد ،ئیدی دەبێ کاکە حەمە بە دوای دوعایەکدا بگەڕی بۆ ئەوەی هەم هەندێ خەڵکی ساویلکە پێێ بلێن ئامین و هەم بەردەوامی ڕەزامەندی بەشێک لە دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی بە مسۆگەرکراوی بهێڵێتەوە ، دەبێ دوای تاڵەبانی گرێشەی خۆی لە دیارترین سەرکردە خاوینەکانی نێو مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بئاڵێنێ ،سەرکردەیەک کە زۆربەی کورد بە نمونەی خۆنەویستی و دەستپاکی و تێکۆشانی ناودەبەن ،سەرکردەیەک کە مێژووی بۆ یەکیتیی و کورد خولْقاندووە ، لە ڕۆژگارەکانی هەرەس و نائومێد بوونی میللەتێک لە جارێکی دیکە هەڵسانەوە ، لە پەنای گاشەبەردێکی چیا سەرکەشەکانی کوردستانداو لەگەڵ تاڵەبانی ، ڤیزە و پاسپۆرتەکەیان ئەنج ئەنجن بکەن و بڕیار بدەن نەریتیکی نوێ لە نێو شۆڕش و بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان دا بخولْقێنن ، بەوەی کە وەکوو سەرکردەی شۆڕشەکە**

لەناو خاک و شۆڕشدا بمێننەوە ،تا شەهید بوون یان بەئاکام گەیاندنی شۆڕشی کورد و سەرەنجام و بە ئاکام گەیاندنی ئەو بەڵێنەش ،کاکە حەمە گەمەیەک دەکات بەنووسین بەڵام نازانێ کە دەستی نوسینی ئەو گەمەیەی هەر لەسەرەتای یاریەکەوە لای بەرامبەرەکانی کەشف بووە .

*شالوور و تووتی ، نوسینی حەمە سەعید حەسەن ، سایتی دەنگەکان ، ژمارە 160 ڕۆژی 22 . 6 . 2005

slemanyunes@yahoo.co.uk